# ئاگادار كردنەوەیەك بۆ سەركردایەتی
# پارتی دیموكراتی كوردستانو یەكیتی نیشتمانی كوردستان

ریبوار ئەحمەد

جەنگی خویناویو كۆنەپەرستانەی ئەمریكا لە دژی عیراق گەیشتوەتە لیواری قەومان، دەستەی فەرمانرەوای ئەمریكا هەرەشەی كوشتارو ویرانكاریەكی بیٚوینە دەكەن، تەنانەت بەوپەری درندەیەتیەوە هەرەشەی بەكارهینانی چەكی ئەتۆمی دەدەن بە گویٚی دنیادا. لەولاشەوە رژیمی فاشیستی صدام رادەگەیەنیٚ كە سوپای ئەمریكاو هاوكارانی پیٚ بنێنە هەر جیگایەگ بە هەموو تواناو بیٚ دەستپاراستن رەشو سپی خاپوری دەكات. ئەمریكا خۆی باسی هەبوونی چەكی كۆكوژ دەكات لەبەردەستی رژیمی بەعسو بە روالەت ئەمە بەهانەی ئەصلی شەرەكەیەتی، گومانیش لەوەدا نیە كە صدامی خوینریژ ئەوپەری بە ئەندازەی ئەمریكا پرەنسیپو ئەخالاقیاتی هەیە بۆ مامەلە لەگەل چەكی كۆكوژ. بەم مانایە لە ئیستاوە خەلكی ئەم ناوچەیە لە نیو بەرداشتی پیشبركیٚی بەكارهینانی چەكی كۆكوژدا قەراریان گرتووە.

ئیوە وەكو هەمیشەو بیٚ گویدانە هیچ پرەنسیپیكی ئینسانیو ئەمنیەتو ژیانی خەلكی كوردستان، خۆتانو چارەنوسی كۆمەلگاتان گریداوە بەم شەرەی ئەمریكاوە. دەستتان داوەتە بردنەپیشی سیاسەتو كرداریك كە كوردستان پال پیوە دەنیٚ بۆ نیو ئەم شەرو مسابقەی كوشتاری بە كۆمەلە، لەوانە: ئامادەیتان نیشانداوە بۆ هاوكاری ئەمریكا ئەگەر پیویستی پیتان بیت، لە دەزگاكانی راگەیاندنتانەوە تەپلی شەر دەكوتن، لە چوارچیوەی نەخشەی ئەم جەنگەدا خەریكن دەستەو تاقمە قومیو ئیسلامیەكانی سەر بە ئەمریكاو جەنەرالە كۆنەبەعسیە تاوانبارەكان دەهیننە كوردستان بە ناوی كۆنگرەی ئۆپۆزیسیونی عیراقیەوە، هەروەها دەستی سوپای ئەمریكا رادەكیشنو فرۆكەخانەی بۆ دروست دەكەن. هەندیك لەمانە ئیوە پیتان وایە دور لە چاوی خەلك بەریوە دەچیت، بەلام لای هەموو كەس ئاشكرایە.

ئایا ئیوە بیرتان لەوە كردوەتەوە كە بەم سیاسەتو هەنگاوانەتان خەریكن كوردستان دەكەن بە مەیدانیكی ئەصلی شەریكی خۆیناویو مال ویرانكەر؟ بەم جۆرەش ئیوە دەبنە هۆكاری ئەوەی كە كوردستان بەكیش بكەن بۆ ناو ئاگری شەریكی خویناویو پیشبركیٚی چەكی كۆكوژ. كاتی خۆی ئەنجامی راكیشانی كوردستان بۆ ناو جەنگی ئیرانو عیراق كارەساتی هەلەبجەی لی كەوتەوە، بەلام بەكیش كردنی بۆ ناو ئەم جەنگە كارەساتیكی زۆر گەورەتری لی دەكەویتەوە.

ئیستا سیاسەتو بریاری ئیوە وەكو دەسەلاتداری كوردستان، دەتوانیٚ ببیتە مایەی لەخوینهەلكیشانو سوتاندنی ئەم كۆمەلگایە. ئیوە لە پیناوی چی ئەم قومارە بە ژیانو چارەنوسی خەلكەوە دەكەن؟ حكیمو چەلەبیو سامەرایی ئومیدی خۆیان گریداوە بەوەی كە لە ریگای ویرانبوونی بەغدا بە چەكی ئەتۆمیەوە خۆیان بگەیەنن بە كورسی دەسەلات؟ بەلام خۆ ئیوە كورسی دەسەلاتتان لەژیرە ئیتر بۆ كوردستان دەكەنە مەیدانی ئەم جەنگە؟ ئەو سیاسەتەی ئیوە گرتووتانەتەبەر نەك هەر هیچ بەرژەوەندیو كەلكیكی بۆ خەلكی كوردستانو عیراق نیە، بەلكو ئەم كۆمەلگایە دەخزینیٚ بۆ ناو شەرو سیناریۆیەكی ترسناك، دەیخاتەبەردەم هەرەشەی چەكی كۆكوژ، ملیونەها خەلك دوچاری كوشتارو مەرگو ئاوارەییو دەربەدەری دەكات، كۆمەلگاو بنەماكانی ژیانی خەلك نابوت دەكات، ئەمە خەتایەكی زۆر گەورەیە ئیوە دەیخەنە ئەسئۆی خۆتان، ئیوە مسئول دەبن لەو تراژیدیەی بەسەر خەلكدا دیتو میژوو لیتان خۆش نابیت.

حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری بە هەموو توانا تیدەكۆشیت بۆ دورخستنەوەی هەرەشەی ئەم جەنگە كۆنەپەرستانەیەو چەكی كۆكوژ لە هەموو خەلكی عیراق. بەلام لە پەیوەند بە كوردستانەوە من لە روانگەی بەرژەوەندیو ئەمنیەتی خەلكەوە بە پیویستی دەزانم ئەم ئاگاداریە بە ئیوە بدەمو پیتان رابگەیەنم كە دەست لەو سیاسەتو كردەوانە هەلگرن، ئەگەر لە پال ریزی ملیونەها خەلكو هەزاران حیزبو ریكخراوەی دژی جەنگەوە پشتی خواستی ئازادیخوازانە بۆ بەرگرتن لە جەنگ ناگرن، لانی كەم بۆ ئەوەی كۆمەلگای كوردستان نەبیتە مەیدانی ئەم كابوسە ترسناكە، دەست لە

هاوكاریو پشتیوانی شەری ئەمریكاو هوتافكیشان بۆ جەنگ هەلگرن. ئەم بەلایە لە خەلكی كوردستان دورخەنەوە. ئەمە لایەنی كەمی هەلویستیكی مەسئولانەیە بەرامبەر ژیانو مانو نەمانی خەلكی كۆمەلگایەك كە ئیوە تیایدا دەسەلاتدارن.

***٣٠ی كانونی یەكەمی ٢٠٠٣***

**تێبینی كوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێكدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org كوردستان نێت